## ئەو ساتانەی ناسڕێنەوە

# (کە چەقەڵەکان چەمەکانیان پاوان کرد)

چاك لەبیرمەو لەوانەیە هەرگیزاو هەرگیزیش لەبیرم نەچێتەوە، ڕۆژانی سەرەتای خوێندنی هونەری شانۆم بوو، مامۆستاکەم خوالێخۆشبوو، کورتەباسێکی ئەو هونەر و پیشەیەی بۆ کردم، کە ئێمە هەڵمانبژاردووە و دڵیشمان پێی خۆشە. فەرمووی: بەهەڵەداچوون گەر پێتان وابێ ڕێگایەکتان گرتۆتەبەر کە سەراپا ئاوریشم و گوڵڕێژە. نەك ڕێگایەکی پڕ لە هەورازو نشیوی سەخت و درك و داڵ و پەیکۆڵەیە، نەیارانێکتان لێ پەیدا دەبێ، هەرچۆن جەردە خوانەناسەکانی ناو حەقایەتەکانن، لە تەك هەر هەنگاونانێکی سەرکەوتندا، ئەوا هەزار و یەك بۆسە و تەگەرە و شەڕفرۆشتن بە ڕووتاندا دەتەقێتەوە.

هەتا چەند ساڵێك.. خەیاڵی ڕۆمانتیکانەی هونەر و هونەرمەندی بەری نەدابووم، پاشان گەلەگورگانی چاوسووری کەڵپەخوێناویم بینی، ئەوانەی پێیانەوە ماندوو دەبیت و ڕەنجیان بۆ دەدەیت و هەر کە ڕووت لێیان وەرگێڕا، ئەو چەوتە وشانەی پێی دەبەشێنەوە کە نەوتراوە و نەبیستراوە. هەمیشە هونەرمەندی ڕاستەقینە، نەك ئەو چەقەڵانە، مرۆڤێکی زۆر ناسك و هەستدارەو زوو کاری لێدەکات و ئازاری پێوە دەچێژێ.

جارێکیان لە گۆڤارێکی کۆنی میسردا، دیمانەیەکیان لە تەك هاوسەرەکەی هونەرمەندی میوزیکی (محەمەد عەبدولوەهاب)دا کردبوو، کاتێ وەسفی دەکات، دەڵێ: ((منداڵێکی گەورەیە)) واتە کرۆزە دەکات و زووش ژیردەبێتەوە و شتێکی زۆر ئاسایی دەیهەژێنێ و نائارامی دەکات. کورد وتوویەتی: ((قسە، قسەدێنێ)). بۆیە هەر سەبارەت بەو مەزنە هونەرمەندەی، لەسەرەتاوە نەك هەر گۆڕانکاری، بگرە شۆڕشێکی لە بواری گۆرانی و میوزیکی گەلەکەیدا



## ئەحمەد سالار

**تایبەت بە گوڵان دەینووسێت**

بەرپاکرد، هەر بۆیە لە کەسانی ناو ئەو بوارەوە نەك میملایەتی، بەڵکو دوژمنایەتییەکی ئەوتۆی کە نەك شکاندن و بێبایەخکردن، بگرە قەستی سەریان بوو. رۆژانە گوتار و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەیان کردبووە گۆڕەپانی هێرشی و جەنگیان بەرامبەر ئەو، ئاکام (محەمەد عەبدولوەهاب)یان ناچارکرد، گشت ئەو غەزەتە و گۆڤارانە لە بن هەنگڵیَ بنیَ و داد بۆ پشتیوان و رابەرە و هاندەرەکەی بەریَ، کە ئەمیری شاعیرانی عەرەب (ئەحمەد شەوقی) بوو.

بە گەرووی گریاناوی و دڵی بوریانەوە سکاڵای پڕ لەئاخ و داخی بۆ هەڵڕشت، کە ئەوانە بە چ مەرەیەکیان بردووە. ئەوسا ئەوانەی بن هەنگڵی نایە سەر مێزەکەی بەردەمی و گوتی: گەورەم، دەبینی چییان پێکردووم و چیم پیَ دەڵێن. نازانم چۆن چۆنی رزگارم بیَ و لێیان هەڵبێم؟ پێی گوت: ئادەی ئەو سەفتە رۆژنامانە بخە سەر زەوییەکە و بە هەموو پێتەوە قیت قیت لەسەری راوەستە و بزانە چەند بەژن بەرزتری کردوویت. ئای سەد ماشەڵا...

ئەوە نیشانەی سەرکەوتن و هەڵکشانی تۆیە و نیشانەی بوردەڵەیی و نابووتی ئەوانەیە کە ئیرەییت پێدەبەن و ناتوانن هاوشانی ئەفراندنە جوانەکانت ببنەوە، ئەوە کارێکی ئاساییە و لە زۆر شوێن و چەشنەها دەواندا روویداوە. ئەوە (بێتهۆڤن، شکسپیر، مارلۆ...). ئەوانە بلّق و کەفی سەر ئاون و زوو بەسەر دەچن. بەش بەحاڵی خۆم، کارگەیشتە ئەوەی داوای دەستبەرداری کاری هونەرییان لێکردم، کاتیَ راپۆرتنووسان بە دەزگاکانی ئەمنەوە نەوەستان، پەیتا پەیتا بۆ لایەنەکانی دەرەوە، یان پشت سنووریان دەنارد، بەڵام خودا بەوە چاکی کردبوو، بە کوردێکی کەللەڕەقی ئەوتۆ درووستی کردووم گەر لە کوورەی ئاگرینی ئاسنگەریشدا جۆشمدەن و، هەزار پیك و چەکوشی پۆڵایینم تێبسرەوێنن، مەحاڵە نەرم بم، بۆیە خزم و خۆشەویستێکی خۆم هات و لە ستۆدیۆی (فەتحی)ی شەقامی گۆران، بە روون و ئاشکرا داوای کرد، ئیدی هەرنەبیَ بۆ ماوەیەك دەست لە کاری شانۆ هەڵگرم! بەڵیَ، کە ئەمەم بیست، تەواو شێتگیر و دەهری بووم، وتم: با ئەوانە بزانن، مادامەکی وای لێهات، ئەوە چوار ئەوەندەی جاران چالاکی دەنوێنم، من هونەرمەندم و لە هونەریشدا نە نهێنی و نەخەباتی ژێرزەمینی هەیە. دیارە کە چەم بە چەقەڵ جمەی هات، دەبیَ روو لە کویَ بکەیت؟ ئەمە سەری گلۆڵەکەیە و قووڵایی برینە سەختەکەی جەستەی هونەری گەلێکی کلۆڵە. دەسا بۆیە، ناچارمام، حاشا لەو تیپە بکەم، کە ئەو باخە بوو، نەك بە نینۆك بژارم کردبوو، بەڵکو بە برژانگ، ئەی ئەمە کوێرەوەری نییە؟ زۆر جار وتوومەتەوە: گەلێك هەن کە شایانی هەوڵ و هاوشانی من نەبوون، تەنیا مەبەستم لەوانە بوو، بەدبەخت بوون و چییان دەرفەتی ئەو پەروەردەکردنەی پیَ رەوا نەبینیون، هەتا بتوانن و چەپ و راستیان بزانن و چاك و خراپ لە یەکدی جیابکەنەوە. بۆیە هەمیشە براوم بەوە بوو: (مار بە خێو نەکەم). هەر لەسەر ئەم رێگای درك و داڵ و پەپکوڵ پۆشە بوو، بینیم کورد واتەنی: (بازی بازی بە ریشی بابە بازی!؟). بۆیە بەوپەڕی بڕوابوونەوە دەڵێم: ئەگەر کەسێك بەدەر بیَ لە کۆی رەوشتە پیرۆزەکانی کوردەواری، ئەوا گەر پەلی بە پەلەکەی هەوریشەوە بێت، نابێتە هونەرمەند و هەر لە توخمی چەقەڵەکانە. کەواتە، نە کۆنە شیو بەباخ بکە و نە باسی پەروەردەنەکراوی چراخ بکە.

مامۆستاکەی بەری پتر لە پەنجا ساڵم، وانەی جوانت دادام، لەو دونیاشی نمەکگیرتم و سات لە دوای سات مەزنتر دەبن، هەرچییەکتان فەرموو راست دەرچوو، دیارە فەرموودەتان نەقشی بەردە و ناسڕێتەوە. لە خوام داوایە رۆژیَ دابیَ رێگای هونەر لەبری دڕك و داڵ، گوڵڕێژە بیَ.. ئامین.

**خزم و خۆشەویستێکی خۆم هات و لە ستۆدیۆی (فەتحی) ی شەقامی گۆران، بە روون و ئاشکرا داوای کرد، ئیدی هەرنەبیَ بۆ ماوەیەک دەست لە کاری شانۆ هەڵگرم! بەڵێ، کە ئەمەم بیست، تەواو شێتگیر و دەهری بووم، وتم: با ئەوانە بزانن، مادامەکی وای لێهات، ئەوە چوار ئەوەندەی جاران چالاکی دەنوێنم، من هونەرمەندم و لە هونەریشدا نە نهێنی و نەخەباتی ژێرزەمینی هەیە**

# سەنا بەهاج: سینەمای مەغریبی پشت بە وورووژاندن نابەستێت



لە وڵاتی مەغریب بە یەکێك لە ئەکتەرە بەتوانا و سەرکەوتووەکان ناسراوەو ماوەیەکی زۆر نییە لە بواری هونەریدا کار دەکاتK بۆیە وەك پێویست لە میدیاکان نەناسراوەو دەرنەکەوتووە، بەڵام لەبەر لێهاتوویی سەنا بەهاج بەشداری لە ژمارەیەکی زۆر کاری هونەریدا کردووەو لەگەڵ چەندین ئەکتەر و دەرهێنەری ناوداری مەغریبی کاری کردووە.
سینەمای مەغریب بەوە تۆمەتبار دەکرێت، کە سنوورەکان دەبەزێنیت، سەنا بەهاج وەك کچە ئەکتەرێکی مەغریبی ئەم تۆمەتانە ڕەتدەکاتەوە و بەم شێوەیە وەڵامی ئەم کەسانە دەداتەوە: پێموانییە سینەمای مەغریبی پشت بە جورئەت و وورووژاندن ببەستێت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر، سەرەڕای ئەمەش ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین هەندێك فیلم کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن چەند دیمەنێکی وورووژاندنیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەویشیان لە دەرەوەی سیناریۆی فیلمەکەن.
سەنا باس لەوەش دەکات کە سینەمای مەغریبی هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ سینەمای وڵاتانی دیکەی عەرەبی و دەڵێ: زۆربەی کارە هونەرییە عەرەبییەکان هاوشێوەن یاخود جۆرە نزیکبوونەوەیەك هەیە لە نێوانیاندا، تا ئێستا هونەری عەرەبی بە گشتی لەنێو خۆیاندا ڕکابەرێتی دەکەن و هیچمان نەگەیشتووینەتە ئاستی جیهانی، بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی سینەمای مەغریبی و عەرەبی تەنیا لە شێوەزارەکەدایە.

# بۆنام هیچ ڕۆڵێک ئاسان نییە

هەرچەندە بۆنام یەکێکە لە ئەکتەرە سەرکەوتووەکانی بۆلیۆدو لە چەندین فیلمدا ڕۆڵی سەرەکی بینیوەو خاوەن جەماوەرو هەواداری زۆرەو متمانەی زۆریان بەئەستێرەکەیان هەیە لە هەر ڕۆڵێکدا کە پێی بسپێردرێت، بەڵام بۆنام ڕایدەگەیەنێت کە بینینی ڕۆڵ لە فیلمەکاندا کارێکی ئاسان نییەو پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆر هەیە. لەم بارەیەوە بۆنام ڕایگەیاند: جەماوەر تاکە سەرمایەی هەر ئەکتەرێکە و پێویستە بەهەموو شێوەیەك هەوڵبدات بۆ ئەوەی دڵی جەماوەر ڕازی بکات، بەڵام سەرکەوتنی ئەکتەر لەو ڕۆڵانەی پێی دەسپێردرێن، کارێکی ئاسان نییە بەو شێوەیەی کە جەماوەر هەست دەکات، هەر ڕۆڵێك ماندووبوونێکی زۆری دەوێ و پێویستە هەر گرتەو دیمەنێك چەندین جار دووبارە بکرێتەوە، تاکو بەو شێوەیە دەبێت کە ئەکتەرو دەرهێنەر بەدڵیان دەبێت، تەنانەت ئەکتەر وای لێدێت کە بەتەوای خۆی لە ڕۆڵەکەدا دەبینێتەوەو بۆ ماوەیەکیش ئەم کاریگەرییە دەمینێت لەسەر کەسایەتی ئەکتەرەکە لە ژیانی ئاسایی خۆیدا.
بۆنام لەم بارەوە زیاتر دەڵێ: لەبەر ئەوەی ئێمەی ئەکتەر وەك حەزو ئارەزوو و لە هەمان کاتدا وەك سەرچاوەی بژێوی ژیان کاری ئەکتەری دەکەین و جەماوەریش بە گرنگترین سەرمایەی ئەکتەر دادەنرێت، بۆیە لەکاتی تەواوبوونی هەر کارێك ئەم ئەرك و ماندووبوونەی کە کێشاومانە لەبیری دەکەین، بەتایبەتی کاتێك جەماوەر لە ڕۆڵەکەمان ڕازی بێت.



# جەماوەر پاڵپشتی لە ئەنجلینا دەکات

ماوەیەك بەرلەئێستا میدیاکان بەگرنگییەوە باسیان لە هەواڵی جیابوونەوەی ئەنجلینا جۆلی و براد بێتیان کردو تا رادەیەکی زۆریش ئەم هەواڵە مایەی سەرسوڕمان بوو بۆ جەماوەری هەردوو ئەستێرەکە، چونکە پێوەندییان بەهێزو ماوەی ١٢ ساڵیش بەردەوام بوو.

ئەنجلینا داوای تەڵاقی لە براد بێت کردبوو، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە براد ئالوودەی خواردنەوەی کحول بووەو رەفتاریشی زۆر توند و سەخت بووە بەرامبەر بە منداڵەکانی و ئەویش بە هەموو هێزێکەوە هەوڵ دەدات ماڵ و خانەوادەکەی بپارێزێت و نایەوێت پەرتەوازە بێت، ئەوەی مایەی دڵخۆشی ئەنجلینا بوو، جەماوەرەکەی لە سەرتاسەری جیهان پاڵپشتییان کرد لەو بڕیارەی، ئەم پاڵپشتییەی جەماوەر تەنیا بۆ جوانیی ئەنجلینا ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ ئەو کارە خێرخوازییانە دەگەڕێتەوە کە ئەنجلینا لە سەرتاسەری جیهان ئەنجامیان دەدات، بەتایبەتی بۆ منداڵ و ئافرەتانی ئاوارەو پەنابەران لەچوارچێوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و سەردانی بەردەوامەکانی بۆ کەمپەکانی ئاوارەو پەنابەران و ئەو ناوچانەی شەڕ و توندوتیژی تێدایەو بەدەست برسێتییەوە دەناڵێنن.

وێنەکانی ئەنجلینا لە کەمپەکانی پەنابەرانی سووری وای لێکردووە کە ببێتە کەسایەتییەکی ناسراو تەنانەت لای ئەو کەسانەش کە هۆگری فیلم نین، یاخود لەبەر بارودۆخی ئاوارەیی دەرفەتی ئەوەیان نییە سەیری فیلمەکانی بکەن، ئەمانە هەموویان لە دژی براد بێتە و پاڵپشتییەکی زۆرن بۆ ئەنجلینا لە کێشەی نێوانیان.





# فیلمی
# (خەونی کورد.. جەنگ یان ئاشتی)

ئیسماعیل جبووری بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری عێراق لە هۆڵی فیستیڤاڵی دهۆك لە نێو جەماوەر دانیشتبوو، لەبەر ئەوەی فیلمەکە داوای جیابوونەوە لە عێراق دەکات، ئەو هەستاوە و گوتی: پرسیارم هەیە. گوتمان رەنگە لەبەر ئەوەی عارەبە، بڵێ بواری سەربەخۆیی لە ئێستادا زەحمەتە، کەچی گوتی: پیرۆزباییتان لێ دەکەم بۆ سەرکەوتنی ئەم بەرهەمە، ئەوە کلاوەکەش بۆ ئێوە دادەنوێنم و ملم بۆتان کەچ دەکەم.

فیچەر فیلمی ‹خەونی کورد– جەنگ یان ئاشتی› یەکەم فیلمی دۆکومێنتەرییە کە ڕاستەوخۆ باس لە بەدەوڵەتبوونی کوردستان دەکات.

ئەم فیلمە لە نووسین و دەرهێنانی کەی بەهار و کڵاودیۆ ڤۆن پڵانتە-یە و لە بەرهەمهێنانی هاوبەشی نێوان کوردستان و بەڕیتانیا، بە سەرپەرشتی کۆمپانیای جۆکە فیلمس و ڤۆن پڵانتە پڕۆدەکشنە. فیلمەکە بە زمانی کوردی و ئینگلیزییە و هەروەها چەند سیکوێنسێکی تێدایە بە زمانی ئەڵمانی و عەرەبی. فیلمکاری ئەم بەرهەمە لە کوردستان، بەڕیتانیا و ئەڵمانیا کراوەو لە نەورۆزی ٢٠١٥ دەستییپێکرد      و لە مانگی ئابی ٢٠١٦ تەواو بوو.

بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ناوەڕۆکی ئەم فیلمە، دیمانەیەکمان لەگەڵ (کەی بەهار) دەرهێنەری فیلمەکە سازکرد:

سەرەتا سەبارەت بە ئامانجی ئەم فیلمە، کەی بەهار دەڵێت: فیلمی دیکۆمێنتەری ‹خەونی کورد– جەنگ یان ئاشتی›، لوتکەی کاری ٢٥ساڵەی فیلمی دیکۆمێنتەری منە، چۆن خەبات دەکەی لە پێناو ئەوەی بگەیت بە ئامانجێك، ئیتر پیشەکی خۆتی بۆ رێکدەخەیت و ئەزموون وەردەگریت و کاروان دەگریتەبەر خۆت هەروەك شۆڕشەکانی خۆمان، ئێمە کە دەبینە پێشمەرگە بەو ئاواتەی رۆژێك لە رۆژان ببین بە خاوەن دەوڵەتی خۆمان و ئازادی بەدەست بهێنین، منیش لە بواری دیکۆمێنتەری کە لەسەرەتا کارم کردووە، ئامانجم ئەوە بووە بگەمە لوتکە و فیلمێك دروست بکەم تایبەت بێت بە دەوڵەتبوونی کوردستان، ئەمەش ناوەرۆکی ئەو فیلمەیە.

کەی بەهار دەربارەی ستافی کاری ئەم فیلمە دەڵێت: ماوەی دوو ساڵە لەگەڵ تیمێکی نازدار هەموو ژیانم بۆ ئەم فیلمە تەرخان کردووە، ئەوانیش میران دزەیی وەکو بەڕێوەبەری بەرهەم، بیلال شاکر و کرمانج هوشیار وەك کامیرامان، شان بەشانی دیکۆمێنتکاری جیهانی کلاودیۆ ڤۆن پلانتە کە هاودەرهێنەرو هاونووسەرە و زۆر عاشق بە کوردستانە، زۆریش حەزدەکات کوردستان بە ئازادی و دەوڵەتداری ببینێ.

دەرهێنەری فیلمی (خەونی کورد) دەربارەی نیشاندان      و بەشدارییپێکردنی فیلمەکە لە فیستیڤاڵەکانی





جیهان، دەڵێت: یەکەم نیشاندانی جیهانی بۆ ئەم فیلمە کە منی گەلێك شاد کرد، لە فیستیڤاڵی سینەمایی دهۆك بوو، تێیدا بینەرێکی یەکجار زۆر ئامادەی بینینی فیلمەکە بوون، فیلمەکە دوو پەیامی گرنگی پێیە، یەکەمیان بۆ ناوخۆی کوردستانە، ئەوی دیکەشیان بۆ هەموو جیهانە. سەبارەت بە ناوخۆی کوردستان دەنگدانەوەی زۆر باش بوو، ئەویش بە زیندووکرنەوەی هەستی کوردایەتی بەتایبەتی لای گەنجەکانمان. ئەوەی جێگای سەرسورمان بوو لە نیشاندانەکەی شاری دهۆك، ئیسماعیل جبووری بەرێوەبەری گشتی رۆشنبیری عێراق لە هۆڵەکە لە نێو جەماوەر دانیشتبوو، لەبەر ئەوەی فیلمەکە داوای جیابوونەوە لە عێراق دەکات کە ئەو هەستاوە گوتی: پرسیارم هەیە، گوتم رەنگە لەبەر ئەوەی عارەبە بڵێ بواری سەربەخۆیی لە ئێستادا زەحمەتە، کەچی گوتی: پیرۆزباییتان لێ دەکەم بۆ سەرکەوتنی ئەم بەرهەمە، ئەوە کلاوەکەش بۆ ئێوە دادەنوێنم و ملم بۆتان کەچ دەکەم.

دەربارەی نیشاندانی فیلمەکە لە هەر پێنج پارێزگاکەی کوردستان، دەرهێنەری فیلمەکە دەڵێت: لەبەر ئەوەی ئەم فیلمە باس لە دەوڵەت بوونی کوردستان دەکات بۆیە موڵکی من نییە، بەڵکو موڵکی هاووڵاتیانی باشووری کوردستانە، بۆیە پێویستە پێش هەموو لایەنێکی دیکە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان نیشان بدرێت، هەر بۆ ئەم مەبەستە یەکەمجار لە شاری دهۆك بینرا، ئینجا لە شاری کەرکووك بە هاوکاری (ماڵی فیلم) فیلمەکە نیشاندرا، هەروەها لە شاری هەڵەبجە بۆ دانیشتووانی شارەکە نمایشکرا. دواتر لە شاری سلێمانی لەسەرەتای مانگی داهاتوو نیشان دەدرێت.

دواجار فیلمی (خەونی کورد) لە نمایشێکی تایبەتدا، رۆژی چوارشەممە ٥ی تشرینی یەکەم لەهۆڵی شەهید سەعد عەبدوللا لە پایتەخت نیشان دەدرێت، هیوادارم بەرپرسانی سیاسی و حکوومی و پێشمەرگە ئامادەی بینینی فیلمەکە بن.

سەبارەت بەوەی کە ئەم فیلمە دەبێتە نوێنەری کورد لە فیستیڤاڵەکانی جیهان، کەی بەهار گوتی: بەهۆی ئەوەی شارەزاییەکی باشم هەیە لە بواری فیستیڤاڵەکان، ئەم فیلمە دەنێرین بۆ زۆرترین فیستیڤاڵی جیهان، هەروەها دەمانەوێت لەو رێگەیەوە فیلمەکە دەنگ بداتەوە تاکو لە کەناڵە تەلەفزیۆنەکانیش پەخش بکرێت، دووریش نییە هەر لە رێگەی فیستیڤاڵەکانەوە فیلمەکە لە چەند هۆڵێکی سینەمایی جیهان نیشان بدەین، بەڵام نیشاندانێکی تایبەت هەیە کە دەبێتە هۆی بەرز کردنەوەی نەك فیلمەکە بەڵکو بەرزکردنەوەی بانگەوازی بە دەوڵەتبوونی کوردستان لەنێو جیهان ئەویش بەمن ناکرێت، بەڵکو دەبێت لە رێگەی نوێنەرایەتیەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بێ لەهەموو وڵات و پایتەختەکانی جیهاندا، بیکەن بە بەرنامەیەك و بە ئامادەبوونی سیاسییەکان و راگەیاندکارانی جیهان و لە هۆڵە بەناوبانگەکانی جیهان فیلمە نیشان بدرێت.

زۆر گرنگە فیلمی (خەونی کورد) لە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئەورووپا و کۆشکی سپی نیشان بدرێت
کەی بەهار:
هیوادارم ئەم فیلمە ببێتە پردێك لە نێوان ئێمەو دەرەوە، بۆ ئەوەی پێیان بڵێین وەك هاووڵاتیانی باشووری کوردستان مافی خۆمانەو کاتیشی هاتووە ببینە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان

هەروەها زۆر گرنگە کە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەرلەمانی ئەورووپا و کۆشکی سپی ئەم فیلمە نیشان بدرێت، چونکە ئێستا میللەتی کورد لە رێگەی هێزی پێشمەرگە و شەڕی داعش دەناسرێ، ئەگەر بێتو جیهان لە روانگەی فیلمی (خەونی کورد جەنگ یان ئاشتی) بماننناسێ، چونکە لەم فیلمە مرۆڤایەتی ئێمەو شارستانیەت و پێشکەوتنی ئێمە نیشان دەدەین، هەروەها مێژوو و کەلتووری دەوڵەمەندی خۆمان نیشان دەدەین، بۆیە بۆ راکێشانی پشتگیری جیهانی حکوومەتی هەرێم کارێکی باش دەکات ئەگەر بڵێت ئەم تیمە گەنجە خۆبەخشانە بۆ ماوەی دوو ساڵ کاریان کردووە لە پێناوی ئەم پەیامە، ئەمرۆش ئێمە دێینە پێشەوە و ئەم فیلمە دەگرینە ئەستۆی خۆمان و لەرێگەی نوێنەرایەتییەکانمان لەهەموو دنیا دەیگەیننینە هەموو پایتەختەکانی جیهان. لە کۆتاییدا کەی بەهار دەڵێت: هیوادارم ئەم فیلمە ببێتە پردێك لە نێوان ئێمەو دەرەوە، نەك پێیان بڵێین تکایە دەوڵەتمان بدەنێ، بەڵکو پێیان بڵێین ئێمە وەك هاووڵاتیانی باشووری کوردستان مافی خۆمانەو کاتیشی هاتووە ببینە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆیی خۆمان.

